# کرۆنۆلۆژیای کوردستان

**مای 1919**

سوڵتان محەمەدی چوارم کە لەلایەن مستەفا کەماڵ(ئاتاتورک) ئەم ئەرکەی دەخرێتە سەرشان کە بچێ بۆ کوردستان. (لەسەر داوای هێزە یەکگرتووەکان پاشماوەی نزامیەکانی عوسمانی چەک بکا) ئەو بەو پەساوە و لەسەر سیاسەتی ئاتاتورک، بەجیی چەک کردنی عوسمانیەکان , حەولی ئورگانیزەکردنی بەرگریەک دژبە هێزەکانی پێکهاتووی کوردستان دەدا. ئەو، بە بەڵێنی درۆیین و بە دەلەسەیەکی زۆر، دەتوانێ سەرنجی کوردەکان بۆلای خۆی راکێشێ. لە کۆنگرەی سیواس و ئەرزرۆم, مستەفا کەماڵ(ئاتاتورک) بەڵێنی بە کوردەکان دەدا کە لە دەوڵەتی داهاتوو دا دەولەتی تورک و کورد دادەمەزرێت و، پێکەوە سیاسەتی شەری دژبە مەسیحییەکان درێژە پێ دەدەن , هەروها ئاتاتورک دەڵێ: لە بەرابەر ئەوەشدا دەبێ کوردەکان بەشداری شەر دژ بە یونانی و فەرانسەیەکان کە وڵاتەکەمانیان داگیرکردوە بەکەن!